T.S. Eliot

دیاری زامدار

هەواڵنامەی کتێب

&

KURD ARSHIV

# ویرانە خاک

محمود زامدار

١٩٧٥

دیاری ژمارە (٤١) ی — رۆشنبیری نوێ — یە لە لایــەن
( بەڕێوەبەرایەتی گشتی ی رۆشنبیری ی کوردی ) یەوە ، دەرئەچێ .

T. S. ELIOT

دیاری ژمارە ( ٤١ ) ی
رۆشنبیری نوێ

1965

CHAIAK M
00 46 - 704 045 250

# وێرانە خاک

ئامادە کردنو گۆڕینی

**محمود زامدار**

ئا لەم ساڵانەی دواییدا ، کتێبخانەی گشتیی نیویۆرك : دەستنووسێکی گرانبەهای ناودارترین قەسیدەیەکی وونبووی دەسکەوت ، کەهەر بەتەواوی لەئەسڵی ئەو قەسیدەیە ناکات ، کە لە کاتی خۆیدا ، بڵاو کرابوەوە .. قەسیدەکە ، تاکێکە لەو دەستنووسانەی کە ئیلیوت لەساڵی ١٩٢٢دا ، فرۆشتبویانی بە ( جوین کوین ) ی پارێزەرو هونەردۆست ... لە وەسیەتنامەکەی ( جوین ) دا ، ئەو پێشنیازو فرمانەکرا کە دۆستە هەرەنزیکەکەی ( رۆبەرت فۆستەر ) سەرپەرشتی ئامادەکردنی ئەو دانە چاپکراوانە بکات کە دانسقەو هەڵبژاردەی نوسراوەکانیەتی ، لەپاشا لە کتێبخانەی گشتیی نیویۆركدا تەقەتی بکات ... ئەم وەسیەتە لە ساڵی ١٩٣٨ جێبەجێ کرا ... ئەمەیانوا ، لەسەرێکی ترەوە ئیلیۆت خۆیشی وای ئەزانی کە قەسیدە فرۆشراوەکەی، یا بەر لەمردنی ـ کوین ـ دزراوە ، یاهەر شوێنەوون کراوەو فەوتاوە ، یانەکو فرۆشراوەتەوە ، بەکتێبخانەیەکێ لە زانستگاکان ـ وەك باوبوو ـ بەنرخی ( ١٠٠ ) هەزار دۆلار ..!!

لەدوای تەقاندنی ئەم هەواڵە ، هەر بەتەواوی پەردە لەسەر ئەوراستییە سەرەنداز کرایەوە ، کە ئەم دەستنووسانە ، لە دوتوێی چەند نامەیەکی تایبەتیا بوە ، کە ـ کوین ـ لەلای (جۆلیا)ی خوشکی دایناون و لەپاشا (ماریا)ی کچی جۆلیا ، فرۆشتونی بە دەستەبەندی (بیرگ)ی سەر بەکتێبخانەی نیویۆرك ، هەر ئەم کچەیش ، چەند نامەیەکی ئەسڵی ، لە نێوانیاندا (٣١) نامەی ( ئەزراپاوەند )ی بەهەمان کتێبخانە تەسلیم کردوەو داواشی لێکردون کە بەهیچ کلۆجێ باسی لێنەکرێ !! تا کتێبەکەی پرۆفیسۆر ( ب. ل. راید ) ( کابرایەکـی نیویۆرکی ، ـ کە لەبارەی ـ جون کوین ـ ، بڵاو ئەکرێتەوە ، کە رۆژمێرێکی رۆژانەی ئەلیۆت و ئەم قەسیدەیەی تێدا بوو ..!!

( وێرانەخاك ) رەمزی ئەو جیهانەو زەوییە شۆرەکاتەیە ، کە ئیلیۆت لەدوای برانەوەی جەنگ و شەڕوشۆڕ ، هەستی پێکردوە .. وێرانەیی .. وێرانەیی گیان و تاسەو سۆزی مرۆڤی رۆژاواو شارستانیەتی رۆژاواو چۆنیێتی رزگارکردنی جیهانی وێران و کەلاوەو مرۆڤ و شارستانیەتەکە ، ـ نەك وەك پێداویستییەك و بەس ، بەڵکو وەکو ( راستی ) یەك ـ و گەراندنەوەی جموجوڵ و هەڵچون و زیندەگی راستەقینە ، بۆ گیان و جومگەو دڵ و سۆزو ژیری مرۆڤ ..!! بۆیە ، گەر یەکێ بیەوێ یەباشی لەم قەسیدەیە بگات ـ ئەگەرنوا ـ چاوێ بەقەسیدە ئەسڵیەکە بخشێنێ ، چونکە مەسەلەی هارمۆنی قەسیدەکە ،

بەتەواوی لەئەسلەکەدا پتر خۆی ئەنوێنیو خوێنەریش ئەتوانێ پتر چێژی لێوەربگرێ .. هەروا لەبەر قوولیو فراوانیو تونلوسفتیی ئەم قەسیدەیە ، کە خۆی لەخۆیدا بیبلۆگرافیایەکی بەرگوشادەو، تێگەیشتنیشی زۆر زەحمەتە ، بۆیە ئێلیۆت خۆیشی گەلێ سەرنجو رابینیو پەراوێزی بۆ نووسیوەتەوە .. هەر بۆیەشە ، ئەوەی لەداستانەکانی تەورات‌و ئەفسانەکانی ئینجیل‌و لەشارستانیەتی یۆنان‌و رۆمان‌و هیندستان‌و ئەوروپای چاخی ناوەڕاست‌و وباری دەروونیی شاعیر شارەزاو حالی نەبێو بە قوولیو لەسەرخۆ ، نەچوبێتە ناخی ژانەکانی ئەم چاخە جەنجالە ، تێگەیشتن‌و لەباوەشکردنی جیهانی قەسیدەکە هەر یەکجار ئازاری پێ ئەرەسی ، چونکیم ( تەکنیکی ) ــ وێرانەخاک ــ بریتییە ، لە ئاوێزانی نوێخوازییەکی سەرەڕوی سۆفیزم‌و رەمزیەتی ئایینیی ، بۆیە بەم چەشنە لێوندە بوە ، بەم هەموو تێکچڕژانەو بەم هەموو زانیارییە جۆجۆیانە .. شاعیریش (تۆماس ستیرنز ئێلیۆت ــ ١٨٨٨ ــ ١٩٦٥ ) یەکێکە لە (سەر) (مودێرنیزم)ەکانی ئەدەب‌و جاڕچیەکانی رێبازی شکلی لەرەخنەی ئەدەبیدا .. لەپاڵ ئەوەی کە خۆی ناوی بە شاعیرێکی کاسولیك مەزەب‌و کۆنەباز رۆیشتوە ، بەلام لەهەمان کاتا ، بەوپەڕی لێهاتوویی‌یەوە ، رووبەرووی رژێمی سەرمایەداری داپلۆخاو بەها ناهەموارەکانی کۆمەڵی هەڵپروسقاوی بۆرجوازیو رەوشتە هەلاهەلابوەکانی بوەتەوەو زۆر بەتوندی رەخنەی لێگرتوون‌و تەوسی پێ کردوون‌و لەرویان هەڵشاخاوە ، بۆیە بەمیهرەوە ، ویستویەتی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی بەر لەرژێمی بۆرژوازی ــ بەڕای خۆی ــ ... بۆ ژیانێ کە لێواولێوبێ ، لەبەهای بەنرخ‌و مرۆڤایەتیو خۆشەویستی .. دیارە تاکەدەستاوێژێکیشی لەم بەرەنگاربوونەدا ، تەنیا هەر ( شیعر ) بوە ... هەر لەبارەی شاعیری ئەو قەسیدەیەی کە هەزاران هەزار قەسیدەی نوێی ئیزمو ئەوێی رۆژهەلات‌ورۆژاوا لە پەنجەرەی ئەمەوە سەری هێنابێتە دەرەوەو شیعرو ئەدەبیاتی سەردەمی جیهانی قەرزاری بوو بێت ، چ لەبارە تەکنیکەوەو چ لەبارەی ناوەرۆکە شارستانیەکەی ، کە خۆی لەخۆیدا قەوالەو بەلگەنامەیەکی یەجگار فرەتەڕو زلە لە دەسنیشانکردنی گەلێ لەو بەهاو پیوەر، شارستانیەی کە زیوال زیوال ئەبێت‌و دائەرمێ رۆئەچێ ... تا رۆژی ئەمرۆ ژمارەی ئەو لێکۆلینەوانەو گوتارە رەخنەییانەی کە لەبارەی ئەم ولەبارەی ئێلیۆتی شاعیرو رەخنەگرو شانۆنووسی ئانگلۆساکسۆنییەوە نووسراون (١٩١٦ ــ ١٩٦٥) گەیشتۆتە ( ٢٥٠٠ ) کتێبی رەخنەیی‌و نامەی دوکتۆراو

زانستگایی‌و گۆتاری نێو رۆژنامە ئەدەبیەکانی سەرانسەری جیهان .. خۆ ئەگەر ئەو هەمو کتێب‌و گوتارانەی کە لەدوای مەرگی شاعیر ( ١٩٦٥ ) نوسراوەتەوە ، کۆبکرێتەوە ، ئەوا بێگومان ئەگەینە رەقەمێکی خەیالی‌و لەئەندازەبەدەر . گەلێ لەو شاعیرانەش کە پێڕەوی ئەم قەسیدەیەیان کردبێ ، بە ( دەستەی قەسیدەی وێرانەخاك ) ناوزەد کراون‌و بەم نازناوە ناویان رۆیشتوە ...!!

ئەمەیانوا ، نیسبەت بە تێکستە تەرجەمە کراوەکەشی .. سالی ( ١٩٥٨ ـ خانووی گۆڤاری شیعر ـ ی بەیروتی ، لەتەك چەند هەلبژاردەیەکی تری ئیلیۆتا ، چەن پارچەیەکی بلاوکردوە .. لەپاشا ـ یوسف الخال و ئەدۆنیس ـ یش تەرجەمەیەکی کەیان گەیاندە خوێنەران ... بۆ سێیەم جاریش دەقێکی پوخت‌و لەباری ئەم شیعرە درێژو بەنرخە ، لە سالی ـ ١٩٦٨ ـ و لە گۆڤاری ( شیعر ) دا ، لەلایەن زاناو ئەدیبی شارەزای عەرەب (دوکتۆر لویس عوض) بلاوکرایەوە .. دوای حەوت سالی تر ، مامۆستا (یوسف الیوسف) دەقێکی تری ، لەپاڵ سەرنویشتێکی ئیلیوت‌و شەرحێکی وردو قوولی هەر پێنج بەشی شیعرەکەو لە تەك کورتە لێدوانێك بلاوکردوە ... بەلام ئەوەی جێی سەرنجە ، قسەکەی ( الیوسف )ە ، کە ئەلێ : (ئەمەیان نویشکی تەرجەمەی شیعرەکەیە ، نەك تەرجەمەی پوخت‌و تەواوی تێکستەکە ..!؟ )

کە چی لە لای ئێمەدا تا رۆژی ئەمڕۆش ئەم قەسیدەیە ، تەرجەمەی سەرزمانە شیرینەکەمان نەکراوە ، بەلکو ئەوەی کە لە لای زۆربەی رۆشنبیرو ئەدیب‌و شاعیرانی‌کوردا ، لە بارەی ئەم قەسیدەیە گەلالە بووبێ ، تەنیا چەن تارمایی‌و نیسێکەو بەس ، لە تەك هەندێ زانیاری پچڕ پچڕو بێ سوود .... سالی (١٩٧١) بو، کە لە رۆژنامەی ئازیزی ئەوسای ( هاوکاری ) دا ، بە پێشەکیەکەوە قەسیدەیەکی ناوداری ئەم کەلە شاعیرەم لە ژێر سەرناوی ( هەمبانەکان ـ پاپیاوانی‌بووچ)دا بلاوکردەوە ، هەر ئەو ماوەیەش ئەمویست ئەم (وێرانەخاك)ە یش ، بلاو بکەمەوە ، بەلام لە بەشڕو بەختی خۆم هێشتا بەباشی لێی حالی نەبووبووم و زۆریش هەولم ئەدا لێی تێ بگەم .. بۆیە وازم لێ هێناو کەوتمە پشکنین‌و چاوەنۆڕی ..!! تا لەم دواییە (الیوسف)یش دەقێکی کەی بلاوکردەوەو خۆیشم سەرچاوەی تازەو لە باری ترم کەوتە بەردەست هاتم‌و کەوتمە بەراوردکردنی هەردوو تێکستەکەی ( عوض ـ الیوسف ) ، تا لە ئەنجاما گەیاندمە ئەم ئەنجامە ... بەلام من لام وایە

مامۆستا ( اليوسف ) ئاگای لە ئەوەکەی ( عوض ) هەیە ، هەر چەندیش باسی ناکات. لەئەگەرو ئەگەریش دایە کە هەر یەکەیان لە سەرچاوەیەکەوە هەڵیان هێنجابێ ... بەڵام لە بەر ئەوەی هەردوو تێکستە کە ــ وەك بڵێی کەم و کوڕیان هەبێ ــ ، بۆیە هاتم بە بەراورد سوودم لە هەردوکیان وەرگرت و بەرگە کوردیەکەی ــ ئازادەبێ ــ تەواوترو لە بارتر دەرچوو .. کە چی خۆ گەر ئەمە هەبێ ، ئەوەش هەیە ، کە تەنیا جۆری دارشتنی زمانەکەی ــ عوض ــ اليوسف ــ لە هەندێ تەعبیرات و دەستەواژەو ناوی لا بەلایی جیاوازن ، دەنا لە ناوەڕۆکا جیایەکی ئەوتۆیان نیە .. بۆیە ئەوەی ئەیەوێ زیاتر لە قەسیدەکە بگات ، باخۆی هەردوو تێکستەکە ــ عەرەبی ــ بەوردی بخوێنێتەوەو بە وردی بەراوردی بکات ... لێرەدا ئەمەوێ ئەوەش هەڵنەبوێرم و بڵێم : کە شان بە شانی پاراستنی تەجرەبە شیعریەکانی خۆمان و لە هەمێزنانی لایەنە هەرەگەشو پاکەکەی کە لەپووری نەتەوایەتیمان ... وردبوونەوەو تێرامانی دڵازانەو لە باری تەجرەبە شیعریەکانی گەلانی جیهان و بە تایبەتی تەجرەبە تێرو تەسەڵ و سەر کەوتوەکانی ئەوروپای شارستانیەت ، تادێ ( ووشەی کوردیی) جوان ، پاراوترو ڤانگرتووترو لێ پرسراوتر ئەکات و لەزاخی ئەدات و لە کەرەواڵەیی و بێ دەرەتانی و تامەزرۆیی دەربازی ئەکات و ئەیخاتە شوێنی شایانی شارستانیەتی سەردەم .. دیارە هەر ئەمەیش بوو ، کە لە سەر ئەم رایە سووری کردم و تامنیش بازوی لێ داچنم و وەك دیارییەکی قشتیلەو بچووك ، ئەم قەسیدە مەزنەی ئیلیۆت ، بۆ چاوی رەشکۆکەو جوانی ئەم ووشە کوردییە بهێنم ..!!

# ١ ـ ناشـــتنی مردوان

نیسان دژوارترین مانگە
گوڵەزەمبەقەی پۆترکاوی تێدائەڕوێت
یادگار ئاوێزانی ئارەزو ئەکات ..
ڕەگو ماکە سستەکان
بە لێزمەی بارانی بەهار ، بێدار ئەکاتەوە ..
زستان جۆشیدابن
ساتێ کە رووی خاکی بە بەفری فەرامۆشی داپۆشی
پلیتەی کورتە ژیانێکی بە بۆنەڕنی گیاو گوڵی ووشك هەڵتوو
پێخۆرکرد .
هاوینیش ، لە پڕێکا هاتو بە پرزەپرزی کڕە بارانە
دەریاچەی (شتارنیبر گیزرسی) ژیاندەوە ..
ئێمەش خۆمان لە دالانی ستوندەکانا حەشاردا
لە پاشا کە خۆر لە باغچەی (هۆفگارتن)دا سەرەتاتکێی کرد
کەوتینە رێ .
قاوەمان فرکرد ، تا سەعاتێ دەستمانکرد بە مقۆمقۆ :
« من رووس نیم ، بەلکو ئەڵەمانم‌نەژادو خەڵکی لیتوانیا »
گافێ کە منال بووین
لە تەلاری (ئارشیدۆك)دا نیشتەجێ بووین
تەلاری ئامۆزام ،
بە تەزرەخلیسکەیەك هێنامیە دەرەوە
ترسامو حەپەسام ، گوتی : ماری ، هۆ ، ماری
بەرگە بگرەو بەهێز بە .. ئینجا خلیسکاینە خوارەوە
لە کەژوکێوی هەڵەمووتیش‌دا ، هەست بە سەرازادی ئەکەیت
لە شەوا من زۆر ئەخوێنمەوە .. لە زستانیشا
بەرەو باشوور کۆچوبارم لێئەنێم .
ئەبێ رەگە قووڵەکان چی بن ..؟
ئەبێ چ گەڵایەك لەم خشتو خاڵو گەمۆرە بەردینەدا بروێت ؟
ئەی ئادەمیزاد !!
تۆ بۆ ئەمەیان ، هیچ وەلامێکت چنگ ناکەوێ

ناشتوانی پێشبینی بۆ بکەیتو نوقلانە لێ بدەیت .
چونکە تۆ بە غەیری کۆمەیەك لە بتبژێنەکان
هیچی‌تر نازانیت .
لەو ساتەوەی کە هەتاو شت ئەبرژێنێو بریسكوهۆریەتی
درەختە ژاکاوەکەیش ، بێ ساوسێبەرە .
( جندی )یش غەم لانابات .
بەردەسماتەش ، هیچ هاوئاهەنگیەکی لە گەڵ خورەخوری ئاودا نیە .
لەوێدا چ سێبەرێ نیە ، تەنیا لە ژێر ئەم بەردە سورەدا نەبێ
« وەرە بۆ ژێر سێبەری ئەم بەردە سوورە »
تا شتێکت پیشان بدەم ، کە لە سێبەری بەیان ئەنگوتنت جیاترەو
بە دواتا ئەخشێت .
لە سێبەری ئێوارانیشت جیایە ، کاتێ کە بۆ دیدارت سێرە ئەگرێ :
ترست لە مشتە خۆڵێکا پێ‌نیشان دەم
ئا ، ئەوا نەرمەباکە بە سروەو بە گڕی
بەرەو نیشتمان هەڵی‌کرد ..
ئەی نەشمیلانە ئیرلەندیەکەم
تۆ لە کوێی ئەی کچە سەلارەکەم ؟ »
« بەر لە ساڵێ ، گولیکەیەکی ـ یاسنتـــت بۆ یەکەم‌جار پێم‌بەخشی
تا بە کچی یاسنت ناوزەدیان کردم » .
بەڵام کاتێ کە لە باغچۆلەی یاسنت ، درەنگەوەختێ گەڕاینەوە
دوو باسکت پربوون ، قژت کۆلکوتەڕ
زمانم بەسترا ، چاوم شەکەت بوو
چ مەمرە بووم ، چ مەژی
کە بێدەنگو بێ‌چرپە ، لە جەنگەی رۆشنایی وردبوومەوە ،
چیم لێ‌دەرك نەکرد
« ئای ! کە زەریا چەند فووڵو بێ‌بنو بۆشە »
« مەدام سیزوستریز » ژنە فالگری ناودار ،
تووشی هەڵامەتێکی کوشندە هاتوە
کەچی زانیم کە ئەم ژنە ، زاناترین ژنی ئەوروپایە
دەستە پەپازێکی دزێوی سەیری پێ‌یەو ئەیکاتەوە ، گوتی :
ئا ئەمە کارتی تۆیە ، زەریاوانە خنکاوەکەی فینیقی ،
(سەیرکە ! ئەم دوو دانە مرواریانە ، دوو چاوی ئەو بوون )
ئەمەش (بیلادونا) خانمە حوانکیلەکە

خانمی بەردەکان ، خانمی هەڵوێستەکان .
ئا ئەمە پیاوەکەی خاوەن سێ گۆچانەکە ، ئا ئەمەتا پێچکەکە ،
ئا ئەمەتا ، بازرگانە یەکچاوە چلوفلەکە ،
ئا ئەمەتا کارتە سپی‌یەکە
ئەم بازرگانە شتێکی لە ئەرەی شانیا هەڵگرتوە
من نایزانم چیە .
لە سێدارە دراوەکان نابینم ، بۆیە خۆم لە خنکانی نێو ئاو ئەپارێزم
خەڵکێکی زۆر ئەبینم ، لە شێوەی بازنەیەکدا ئەڕۆن .
سوپاس .. گەر (مسز کوینون) ت دی
پێی بڵێ : من خۆم ئاوێنەی بەختی خۆم ئەگرمە دەست ،
بێگومان ، لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا ، ئەبێ مرۆ زۆر ئاگادار بێ .
ئەی شارە دردۆنگەکەی
ژێر تەموژی ڕەشتاڵە ، تەموژی گزنگێکی زستان ،
لە سەر پردی لەندەنا ، حەشاماتێکی زۆر وەڕێکەوتن ،
لە بەر قەڵەبالغی ، لە بیرم‌کرد ، کە چۆن مەرگ درۆینەی کۆمەڵێکی
ئاوا فراوانی کرد .
چەند وردە ئاخو هەناسەیەکی پچرپچری لێ‌هەڵسا
هەر یەکە چاوی خۆی بڕیبوە هەنگاوەکانی بەردەمی خۆی
لە سەر گردۆڵکەکە ، خەڵکەکە بۆی دەرچوون ،
لە پاشا ڕژانە نێو شەقامی (کینگ ویلیام)
بۆ ئەو شوێنەی کە سەعاتەکان زەنگەکانی ( سانت ماری ویلنوت) یان
ئەژمارد ،
بە دەنگێکی بۆڕخواردو ، لە ساتی لێدانی دواچرکەی سەعات نۆ .
لە وێدا پیاوێکی ئاشنام‌دی ، هاوارم لێ‌کردو ڕامگرت :
« هۆ ستیتسۆن !
ئەی ئەوەی لە (میلا)ی‌و لە سەر پاپۆڕەکانا لە گەڵم بوویت
ئایا شینایی لەو لاشەیەی کە ساڵی پار لە باغچەکەی تۆدا ناشتم
سەری دەرکردوە ؟
تۆ بڵێی ئەم ساڵە بپشکوێ‌و گوڵ بگرێ ؟
یا تۆ بڵێی زریانە ئەکاوەکە لە پڕێکا سەر دەوسی ئارامگاکەی
ئەشێلابێ ؟
نا ، دەبا ئەو سەگەی کە هاودەمی مرۆڤە ، لە لانەوزنجی خۆی
دەربکری ،

دەنا بە نینۆکەکانی ، سەرلەنوێ لاشەکە دەرئەکات
تۆش ئەی خوێنەری دوو ڕوو !
ئەی هاوزاو ئەی برام !

## ٢ ــ یـــاریی شـــەترەنج

لە سەر ئەو قەنەفەیە دانیشتم ،
کە وەك عەرشێکی ڕەوشەنو زاخدار بوو
ساتێ کە ئاوێنەی لە بان ئەو ئالا درەخشاوەی کە بە دارەمێو
بەرز ببوە ،
لە سەریا پەیکەرێکی زێڕین سەیری ئەکرد
« دوا گریشمەی گۆشەی چاوی لە ژێر باڵیدا شاردەوە »
ئاوێنەکەش حەوت مەشخەڵی مۆمدانەکەی پتر هەڵایساند
ڕۆشناییەك ڕژایە سەر مێزەکە
لەو ساتەی کە بریسکوهۆری مرواریەکانی تێدا هاتنە دیدار
بە شەپۆلی ڕۆشنایی‌یەکی مەزنەوە ، لە مانگە ڕۆژی ڕەنگاورەنگی
بێ تەپەدۆردا ،
گولاوی ئاوێنەکراوی تێدا لە زفتو پودرەو شلۆکی شێلو دامرکا
هەستی داڕوشاندو قنجاندیو لە نێون بۆنو بەرامەدا نقومی‌کرد .
کاتێ کە شنەبای فێنکی پەنجەرە بۆنەکانی خشکاند ،
لە پەرەنگی مۆمە درێژو لاکێشەکان بەرزبوەوە ،
دوکەڵەکەی بۆ چوارخانەی بنمیچە دارینەکان توردا
تا نەونەکان لە بنمیچە نیگارینەکەدا بلەرزێنێ .
لە بنمیچەکەش‌دا دارێ‌پەردوی زەریا فراوانەکە
کە بە مسی سوور زاخدراوە ،
بە بلێسەیەکی سەوزو بە ڕەنگی پرتەقاڵ
کە لە دەورەیا بەردە ڕەنگینەکە چەمبەری دابوو ، داگیرسا
لەم ڕوناکی‌یە خەفەتناکەدا ( دلفین ) ێکی نەخشکراو کەوتە بێمەلە .
لە سەر کوانوە کۆنەکەش
وێنەی (فیلۆمیلا)ی کە بە شالور وەرچەرخابوو ، دانرابوو
ئەوەی کە شایە کەودەنەکە ڕاوی نابوو ،

وێنەکە لە پەنجەرەیەکی (بانیژەی لەوەرگایەکی) ئەکرد .
شالورەکە لە دژی راوکەرەکە ، بە خوێنترین گۆرانیو چریکە
کەلاژەکەی هەلاَخنی بوو
( ئائام ئام ئمم ئاه ئـ ئـ ئهـ )
هەمو دنیا راویان ئەنا ، بەلاَم ئەو ئاوازە شیراوەییەکانی خۆی
دەچوڕاندە گوێچکە دژوونەکان .
غەیری ئەمانەر لە سەر دیوارەکە
گەلێ وێنەیتر پیشان درا
کە بنەداری تلیساوی (گات)ی ئەنواند .
چەند نیسرێکی چاوزەقی ئانیشکدادا و
ژورە بێدەنگو لاقەکەی پڕ ئەکرد .
لە سەر پەیژەکاندا ، خشپەخشپی چەند پێیەك داخرچا
لە بەردەم ڕوناکی ئاگرا ،
وەك فلچەیەکی تەلی ئاگراوی ، قژەکەی پەرش بوو
ئینجا وەك قسەی هەوکراو ، جۆشاو هەلاَیسا
لەپاشا دامرکانێکی سەیر داکاسا
گوتی :
« ئەمشەو دەمارەکانم زۆرگرژن ، زۆرگرژ ، لەتەکما بە . قسەم
لەگەلاَ بکە . بۆچی تۆ هیچ قسەیێ ناکەیت ؟ دەقسە بکە . بیر
لەچی ئەکەیتەوە ؟ بیرەکانت چین ؟ بیر لەچی ئەکەیتەوە ؟ من
هەر نەمزانی تۆ لەچی بیرئەکەیتەوە . بیربکەرە . »
ئێمە لەرێچکۆلەی مشکەکان داین
لەو شوێنەی کە مردوەکان ، ئێسکوپروسکی خۆیانیان دۆڕاند .
« ئەمە چ هەرایەکە ؟ »
بایەو لەژێر دەرگادا ، گفەگفێتی .
« ئەی ئێستا ئەم هەرایە چیە . با کە چی ئەکات ؟ »
هیچ ، بەلێ هیچ .
« ئایا چ نازانی ؟ ئایا چ نابینی ؟ ئایا بیر لە شتێ ناکەیتەوە ؟ »
ئم ، با بیر ئەکەمەوە .
ئەم دوانە دوو دانەمروارین ، بەر لە ئێستا گلێنەی چاوی ئەم بوون
« ئایا چ نازانی ؟ ئایا چ نابینی ؟ ئایا بیر لە شتێ ناکەیتەوە ؟ »
« تۆ زیندویت یانا ؟ ئایا هیچ شتێ کەللەسەرت ناکرۆژێ ؟ »
بەهەبەهـ .. وای‌وای .. تەحا

لەم زەماوەندە شەكسپیری‌یە
كە چەند زراف‌و شەنگ‌و
چەند زرنگە .
« ئایا ئێستا چی بكەم ؟ چی ئەكەم ؟ »
« بەئارەزوی خۆم بۆی دەرئەچم ، شەقامەكە ئەبڕم ، بەم سەگوتە ،
بەم قژە بژو تێك ئالاوەم . ئایا بەیانی چی ئەكەین ؟
باشە ، ئەی گشت ڕۆژێ چی ئەكەین ؟ »
لە سەعات (دە)دا ، ئاوێكی گەرم
خۆ گەر لە سەعات چواردا ، بارانیش دایباراند
ئەوا گالیسكەیەكی داخراو
چەند دەستێ شەترەنج
ئینجا چەند چاوێكی بێ‌پێلوو دائەخەین ، لە چاوەنواری تەقەیەكی
سەردەرگاكە .
كاتێ كە مێردەكەی (لەیلێ) لە سەربازی بەرەللا بوو ، گوتم :
قسەكانم شل‌نەكردن ، خۆم پێم گوت :
تكایە ، زووكەن ، كات بەسەرچوو
ئێستا خۆت ئارایشت بدە ( ئەلبێرت) ئەگەڕێتەوە .
چونكیم حەز ئەكا بزانێ چیت لەو پارانە كردوە ، كە پێ‌ی بەخشیوی
تا دەستەددانێكی پێ‌بكری .
بەڵێ ، پێ‌ی بەخشیت ، من لەتەكتان بووم ، بۆ ئەمەیان سوێند ئەخۆم .
گوتی : « لەیلێ‌گیان ، گشتی فڕێ بدەو دەستەیەكی جوانتر بكرە
چونكیم ناتوانم لەم شێوەیەدا سەیرت بكەم » بەڵێ وای گوت .
منیش‌گوتم : منیش ناتوانم ئەئاوا سەیرت بكەم،كەواتە بیر لە (ئەلبێرت)ی
لانەواز بكەرەوە ،
چونكە چوار ساڵی ڕەبەقی لەسوپادا پایەماڵ بوە ، تامەزرۆی
دەرفەتێكی دینج‌و ئاسودەیە ،
گەر پێ‌ی نەبەخشیت ، هەیە پێ‌ی ئەبەخشیت ، وام گوت .
گوتی : بەراستی غەیری منی هەیە ؟ گوتم : لەوانەیە .
گوتی : هەر ئەبێ ئەو خاتونە چاوتێرە بناسم ، بە مچومۆریەك
سەیری كردم .
زووكەن ، ئێستا وەختی هاتوە
گوتم : گەر ئەمەت پێ‌ناكرێ ، ئەتوانی بەرگە بگریت .
گەر تۆ ناتوانیت هەڵبژێریت ، هەیە ئەتوانێت

بەڵام گەر ـ ئەلبیرت ـ لێت زیز بوو ، بێگومان ئەمەیان لەبەر
بەدزمانەکان نیە .
گوتم : پێویستە مونج بێت و بێزوبو لە دیمەنی کۆنت بکەیت
( ئەم ژنە لە تەمەنی ۳۱ ساڵە دایە )
رووی گرژ کردو گوتی : بۆ ئەمەیان هیچم پێ ناکرێ
ئەمە هۆی ئەو کەپسوولی لەبارچوونەیە ، کە قوتم دان
(بەر لەمە پێنج منداڵی بوە ، زۆری نەمابوو لە رۆژی لەدایکبوونی جۆرج دا
بمرێت)

دەرمانگەرەکە گوتی : هەموو شتێ بەدڵی تۆ ئەبێ

بەڵام ببرای ببرِ من وەك جاری جاران نەهاتمەوە سەرخۆم .

گوتم : تۆ لەسەداسەد ، ژنێکی گەلۆری .

گوتم : گەر ئەلبیرت لەسەر هەوەسی خۆت جێت نەهێڵێ ،

بە غەیری سەرشۆرکردن هیچت پێ ناکرێ ،

باشە ، ئەی بۆ شووت کرد ، گەر منالت گەرەك نەبوو .

ئم ، ئەو یەکشەمەیە ئەلبیرت لەماڵ بوو

بە دووان گۆشت بەرازیان خوارد

منیش دەعوەت کرام ، تا بچم بەگەرمی چێژ لەم خۆراکە وەرگرم .

دەدەی خێراکەن ، کات درەنگە

دەدەی زووکەن ، کات بەسەرچوو

شەوباش (لەیلێ) گیان . شەوباش (لۆ) گیان . شەوباش (مای) گیان .

شەوتان باش ، ئەی نازدارینە

سوپاس . سوپاس . شەوتان باش . شەوتان باش .

شەوتان باش خانمەکانم ، شەوتان شاد ، ئەی

خانمە شیرینەکانم ،

شەوتان باش .

شەوتان باش .

# ٣ - پەنــــدی ئاگـــرِ

خیوەتی روبارەکە دارِما
دوا ڤامکی لقو چلووکی درەختەکە هەڵوەری
روبارە سازگارەکەی گرتو تێ چەقی
گزە باکە بێچرپە لەسەر زەوی‌یە بۆرەکەدا ئەخشێ
زەری‌یەکانی نێو ئاو رۆیشتن
بەلەوەندی رێ بکە ئەی روباری ( تایمز )ی شیرین
تاسرودەکەم تەواو ئەکەم ،
روکاری روبارەکە ، چ شوشەی بۆشو چ کاغەزی ساندویچو
چ دەسماڵی ئارموشو چ قوتوی کارتۆنو چ قونکە جگەرەو
چ گەواهێکی شەوانی هاوینی لەتەك خۆیا هەڵگرتوە ،
زەری‌یەکانی نێو ئاو رۆیشتن
هەروا هەڤاڵە حاڵۆری‌و مل هورِەکانیشیان ،
ئەوانەی سەر بە میراتگرانی جارِچیەکانی نێو شاربوون
رۆیشتنو کەسیان ئەدرێسی خۆیان جێ نەهێشت
لە لێواری ( لیمان )دا ، دانیشتم و تێر تێر گریام . .
بە لەوەندی رابماڵێ ئەی روباری ( تایمز )ی شیرین ،
مەمقنجێنە ، تا سرودەکەم تەواو ئەکەم ،
بە ئاسکی رێبکە ئەی روباری ( تایمز )ی شیرین ،
چ دەنگم بەرز ئەبێتو چ درێژدادرِی ئەکەم .
بەڵاّن لە دواما ، گوێم لە رەهێلەو باهوزە
خشەخشی ئێسقانەکانو قاقاوتریقەی پێکەنینێکی بێ ١٠ورەتان
لەم گوێ‌یە ئەداو لەوەی تر دەر ئەچێت .
بە هێمنی ،جرجێك، بە زگە قورِاویەکەی خزابە نێو گژو گیاکانی لێوارەکە
سەر لە ئێوارەیەکی زستان ، کە لە کەنداوە جارسەکەدا راوم ئەکرد
لەپشت فابریقەکان ،
بیرم لە پاپۆرِە تێکشکاوەکەی برای پادشام ئەکرد
بەر لە ئەمیش لە ئێسكو پروسکی باوکی پادشام .
چەند لە شێکی سپی لە سەر زەویە نشێو و نسرمەکەدا بوو

چەند ورده ئیسقانێك لە ژورێکی بچکۆلانەو نزمو خۆشو ووشکەوه
فریدرابوو ،
تەنیا پێی جرجەکە ، ساڵ دوای ساڵ ، خستبویە خشە خش ،
بەڵام ، چەل نا چەلێ ، لە دواما گوێم لە دەنگی ئەو هورنو ماتۆڕانەیە
کە لە بەهارا ( سوینی ) بۆ ( مسز پۆرتەر )ی ئەبات
تەحا ! تافەتافی ئاخلەی ئەو هەیڤەی کە ئەپەخشێتە سەر
( مسز پۆرتەر )و کچەکەی ،
لەو سانە پێو لاقیان بە ئاوی سۆدە ئەشۆن ،
هەی هەی ! لە دەنگی ئەو زارۆلانەی کە ژێر ئەم ئاسمانەدا ئەچریکێنێ !
(ویت ویت ویت )
( جیك جیك جیك جیك جیك )
بە زۆرە ملێو بە وشکی و برنگی
( ویت جیك )
ئەی شارە ساختەکارەکە ،
لەژێر تەمو مژێکی بۆرو لە نیوەرۆی رۆژێکی زستانا
( مستەر یوگینیدس ) و بازرگانە ( ئەزمیری ) یەکە
بۆ لەندەن دەعوەتیان کردم ،
ردێنی نەتاشی بوو ، گیرفانەکەی پڕ بوو لە مێوژ
کۆمپیالەکان دیارن ،
بە زمانێکی فەرەنسایی دیمۆتیکی دەعوەتی کردمە ئوتێلی ( کانن ستریت )
لە پاشا ( وێك ئێند ) لە میترۆپۆل بە سەر بەرم .
لە سەعاتی بنەوشەدا ، کاتێ کە چاو لە ئۆفیس بەرزە بێت
نیوەڕۆ بەرزەبێتەوە ، کاتێ کە ئامرازی مرۆڤئاساکە وەك
تاکسی‌یەکی چاوەنۆڕ دائەچلەکێ .. چاوە چاوێتی ،
منی ( تیریسیاس ) ئەتوانم
هەر چەندە کوێرم ، هەر چەندیش لەنێوان دووژیانا رائەگێم
هەرچەندە من ، پیرێکی کەفتەکارو بە دوو مەکی دۆدانەی
وەك ژنانم ،
ئەتوانم ، لە نێو سەعاتی بنەوشەو لە نێو سەعاتی ئێوارەدا
کە گشت شتێ ئەچێتەوە ماڵی خۆی ،
زەریاوانەکەی نێو چەقی زەریا ئەگەڕێتەوە لای کەسو کاری ،
ئەتوانم ئەو سکرتێرە ببینم کە لە ساتی چا خواردنەوەدا ئەگەڕێتەوە
بۆ ژورەکەی خۆیو چۆن زۆپەکە دائەگیرسێنێو خۆراکی لە قوتوکراوی

ئەخاتە سەرو لە کونی پەنجەرەکە ( کۆمبیزۆن )ەکەی
بە شڕو شبڕێوی هەڵئەخا ، تا ووشك بێتەوە ،
لەسەر ئەسکەمبیلەکەشی ( کە بە شەو پێخەفیەتی )
گۆرەوی‌و پاپوچ‌و کامیزۆڵ‌و سۆتیانەکەی کەڵەکە بوە ،
منی ( تیریسیاس ) ، پیری کەفتەکارو مەمك گەچلاو ،
دیمەنەکەم بینی ، نوقلاتەم بۆ پاشماوەکەی لێدا
منیش ، چاوەڕێی میوانەکەم بووم ،
لاوەکە ئەگاتەجێ ، ئەم کابرایە
لای دەستەبەری ئەپارتمانێکی بچووکدا ، نووسەرە ،
وەك پەنگرەیاقوت ، بە تاقە گریشمەیەکی ئازایانەوە دێ ،
ئەم لاوە لەو هەتیو و مەتیوانەیە ، کە دڵی ئەکەوێتە سەرو جێگیر ئەبێت،
وەك جێگیر بوونی شەفقەیەکی ئارموشین
لەسەر ، سەری ملیۆنێرێکی ( برادفۆرد )ی ..
زۆر لەبارو وەختە ، وای باوەڕە ،
ژەمەکە تەواو بوو ، ئەم کچە هەست بە پەستی‌و دازان ئەکات ،
دەنگ ناکاو هەوەسێکی ئەو تۆشی نیە ،
لەپڕی هەڵچوون و سووربوێکا بەرەنگاری ئەبێت
دوو دەستی ئازای ، تووشی بەر گیرەوەیەکی ئەوتۆ نابێت ،
غەڕاییەکەی پێویستی بە هیچ چەشنە وەلامدانەوەو گونجانێ نیە ،
دەك بەخێربێی ناخۆشی ،
منی تیریسیاس ، هەموو شتێ بەر لەڕودانی هەڵمبواردر
هەموو شتێ لەسەر ئەو ئەسکەمبیل‌و ئەو پێخەفەدا ، ڕووی‌دا :
« لەنێوان سەرنزمترینی مردوانا خوڵم خوارد »
لەپاشا تالو دوا ماچێك ئەداتە کچەکە ،
کە لە ماچ‌و مووچی شیرەژەو دایەن ئەکات
**ئینجا ڕێگا ئەگرێتە بەرو لە پەیژە تارونوتەکەکە دێتە خوار ...**
**ئەخولێتەوە . بۆ ساتێ لە ئاوێنەکە رادەمێنێ‌و**
**بێ‌باك لە دۆستە ڕۆیشتووەکەی .**
**لە پاشا مێشکی بۆ تاکە بیرێکی نادیار ، بەر فراوانتر ئەبێت :**
**(( ئەوەی بوو ، بوو ، ئۆخەی کە کۆتایی هات . ))**
**کاتێ کە ژنێکی جوانکیلە ، مل لە گەڵحۆیی ئەنێ‌و ئینجا ئەگەڕێتەوە ،**
**لە ژورەکەی‌دا ، هات‌و چۆ ئەکات ،**
**هەر بە ڕۆتین ، قژەکەی شانە ئەکاتەوە ،**

شریتێك ئەخاتە سەر ( فۆنۆگراف )ەكە .
(( لە تەنیشتما ، ئەم ئاوازە كەوتە سەر رووی ئاو ))
لە ( ئەستراند ) دەرباز بوو ،
تاگەییە شەقامی فیكتۆریای شاژن .
ئەی شارەكە ، ئەی شارەكە ،
جار ناجار لە تەنیشت مەیخانەیەكی خواروی شەقامی تایمزەوە ،
گوێم لە هەنسكو فیغانی (ماندۆلین)ی جوانو
هەراو دەمەقرێ و ژاوەژاوی نێو مەیخانەكە ئەبێت ،
كە لە ئانی نیوەڕۆدا ، پیاوەكان ماسی سوور ئەكەنەوە :
كاتێ كە دیوارەكانی ( ماگنۆس مارتیر)ی شەهیدی مەزن
ئەشقێكی سەیرو بێ وەلام ،
لە سپیەتی ( ئەیونیا )و زێڕەكانی لێ دیار ئەدات .
روبارەكە دائەچۆڕێت
فیرو زفتەكە
قایغەكان ، لەتەك ئاو بەسەرگێرانا
ئەكەونە سەر ئاو ،

ئاڵاسوورەكان ، بە لابەلایی

لە سەر پەردەی قورسی پاپۆرەكان ، لە دژی باهوز ئەسوڕێن .

قایغەكان لە (دورگەی سەگەكان)دا

شەپۆلی ئاو ، پاڵ پێوەئەنێن و

روبەرووی كەناری ((گرینتش))

( دەلێ لێ‌لێ ، لێ‌لێ )

( دەلۆ لۆ لۆ ، لۆ لۆ )

( ئەلیزابیت ) و ( لیستەر )

سەوڵ لێ‌ئەدەن

پاشكۆی قایغەكە ، وەك لەپكەیەكی زێڕینە ،

شەپۆلی خێراش

سوورو زێركفتە ،

هەردوو لێوارەکە ، لە سەر پێڵو بە بای باشووری ڕۆژاوا
لە رومەتی خۆیان ئەدەن ،
زەنگەکان ، لە کەڵوە سپیەکانەوە ئەزرنگێن ،
( دەلێ لێ لێ ، لێ لێ )
( دەلۆ لۆ لۆ ، لۆ لۆ )
« گالیسکەکانی ترامو درەختەکان تۆزاوین
(هایبودی) هەڵی گرتم . (ریشمۆند) و (کیوو) کوشتمیان .
لەنزیك ( ریشمۆند ) دا ، ئەژنۆم بەرز کردەوە
لەنێو قایغێکی تەنگەبەردا ، لەسەر مازەی پشت لێیڕاکشام »
دوو پێم لە کن ( مۆرگیت ) و دڵم لە ژێر پێم دایە
دوای ئاخافتن گریا ،
گفتیدا ، کە بە (سەرەتایەکی نوێ) دەس پێبکاتەوە
هیچم نەگوت . چ زیانی بۆم هەیە ؟ »
لەسەر خیزەلانی (مارگیت)دا
ئەمتوانی چی بەچی بکەم
چەند نینۆکێکی تێکشکاو لەنێو چەند دەستێکی دژوونا ،
میللەتی من ، میللەتێکی بێدەرەتان؛ حەژمەتدارە
سەیری هیچ ناکەن » .
لە پاشا ، هاتمە (قەرتاجە)
ئەسوتێم ، ئەسوتێم ، ئەسوتێم ، ئەسوتێم
خوایە ، تۆ لەرەگو ریشەوە هەڵمئەتەکێنی
ئۆە ، خوایە ، تۆش چەرخت لەچەممەر ئەگرێ ،
ئەسوتێم .

## ٤ ـ لـــه ئاواخنكـــان

(( فليباس )) ی فینیقی ، كه بەر له دوو هەفته
دوا ئاویلكەی هەلرشت ،
قیژەو هاواری سەمەندەر وشەپۆلی زەریاییكی بێ بن ،
دەنگی قەپۆچكەی هاژە هاژو
قازانج و زیانی خۆی فەرامۆش كرد
له چرپەی پیلێكی ژێر زەریادا ،
ئێسقانەكانی خۆی قۆزتەوه
كاتێ كه بەرزه بوو .. ئەنیشتەوه .
چوه نێو قۆناغەكانی پیری و لاوێتی خۆیەوه ،
كەوته نێو خولخولەی زڕینگەكه .
جوولەكه بێت ، یا له گەلانی تر ،
ئەی ئەوەی تاو ئەدەیته پێچكەكان و روو له باهوز ئەكەیت
بیر لەو (فلیباس)ه بكەرەوه ، كەوەك تۆ
شەنگ و بەنگین و
بەژن زراف بوو

## ٥ ـ هەوره تریشقەكه گوتی :

له دوای رۆشنایی چراوگەكان ،
شتێكی سوور ئەپژێته سەر سیمای بزوێن و ئارەقاویەكان ،
دوای زریانی بێدەنگی ،
لەگوڵشەن و دوای ئازاری شوێنه بەردینەكان ،
دوای هەراوهاوار
دوای گرتوخانەو تەلار
دوای شریخەی هەورەتریشقەی بەهار

دەردەنگی هەڵاودیوبووی سەر ترۆپکو کەپکەی شاخەدورەکان .
نەوەی زیندوو بوو ،
تا ئێستا گیانی داو مرد ، مرد .
ئێمەی کە تا ئەمرۆش زیندوو بووین ،
تا ئێستا دوای تۆزێ ئاراموو ئۆقره ، ئەمرین .
لێرەدا ئاو نیه ، تەنیاو بەس گاشەبەرد هەیە ،
گاشەبەردو ئاو نیه ،
ڕێگاکەش خۆلەپۆکو قوموو چەوە
هەردەو هەڵەتی گیرو پەناو پلوچی نێو ترۆپکەکانی چیاکان
ئەو چیایانەی کە لە گاشەبەردی بێئاو ، پێکهاتوه
گەر ئاوی تێدا بوایه ،
بە تاسوخەوە ، ئەوەستاینو ئەمانخواردەوە .
لە نێو گابەردا وەستان ئەنگو بیرکردنەوە ئەنگتر .
ئارەقەی شینو پەنجەی داپلۆساوەکان ،
ئەچەقنە نێو زیخەڵانەکان .
ئوەهـ ! خۆزیا لە نێو ئەم بەردەدا ئاو هەڵبلۆقایە !
بەڵام .. شاخێکە کەلژاوەو دانەکانی کلۆر بوە .
ئەو ددانانەی کە ناتوانێ هیچ بتفێنێ .
لێرەدا ، هیچ دەرفەتێ بۆ وەستانو ڕێژینگو پاڵدانەوە نیه .
کشوماتیی ، لە چیاکانیشا شوێنێکی وای نیه ،
بەڵکو هەورە تریشقەیەکی وشکەڵی بێ باووبۆرانی تێدایە ،
(تەنیایی) ش ، لە چیاکانا شوێنێکی نیه ،
بەڵکو چەند دەمو چاوێکی سوورو بەگرمژەو گرژو گڕی تێدایە ،
کە لە نێوان دەروازەی خانوە قوڕینە شەقار شەقارەکەی
سەر دەردەکا ..
گەر لێرەدا ئاو بوایه
گەر لێرەدا گاشەبەرد بوایەو
ئاوی لەگەڵ بوایه
ئاوو کانیاوی لەگەڵ بوایه
لەتەك گۆمێکی نێوان گاشەبەردەکان
گەر لەوێدا ، تەنیاو بەس دەنگی ئاو بوایه
تا قازیبازی یەکانی دروێنەو
هەژگەوهەلا ، گۆرانییان بچڕیایە

بەلام دەنگی ئەو ئاوەی کە لەنێوان بەردەوە دەرئەچێ
لەو ئانەی کە کافرۆشی دیوانەی نێوان سرو سنەوبەرەکان
تێ ئەچرپکێنێ‌و ئەڵێ :
( تك تك تك تك تك تك تك )
وەك تنۆکی ئاو ،
بەلام ، داخۆ مخابن ، لەوێ‌دا ئاو نیە .
ئەو سێیەمە کێیە ، کە هەمیشە لە تەنشتتەوە ئەڕوات ؟
کاتێ کە ئەکەومە گێژینگەی ژماردن
یا لەگەڵ خۆم ، یا لەگەڵ تۆدا ئەبینم
بەلام کاتێ کە چاوم لەسەر ڕێگا سپیەکەی بەردەمم ڕائەخەم
هاکا ! یەکێکی کە ئەبینم لە تەنشتتەوە ئەڕوات .
ئەخشێ‌و خۆی لە کالا بۆرەکەی لوول ئەداو فیستیشی
لە سەرنارە
جا نازانم ژنە یا پیاوە .
کێیە ئەوەی کە لەودیو تۆدا ئەڕوات ؟
ئەو دەنگەبەرزەی نێو هەواکە چیە ،
کە وەك کەللەسەری دایکێك شین‌وشەپۆر ئەکاو ئەزرپکێنێ ؟
ئەم خێلەساتە فیێست لەسەرو دەمامك دراوانە چین ،
کە لە سەر پشتی دەشتاییێکی هەتەر بوو ، پۆرەیان بەسنوە ،
لەزەوی‌یە پەقەپەقەو شەقار بووەکەدا
نسکۆ ئەباو ساتمە ئەکا ،
کە تەنیا ئاسوگەیەکی قەپۆچکەدار دەوری داوە .
ئەم شارەی ئەودیو چیاکە ، چیایە ،
دائەڕمێ‌و ئەبێ بە هەڵمو بەلخو بوغی نێو بای بنەوشەیی ،
کەلوە ڕۆچوەکانی ئەتەقێت
ئورشەلیم . ئەسینا . ئەسکەندەری‌یە .
ڤییەنا . لەندەن
ساختەن
وەك ئافرەتێکن ، کە زولفی هەوداهەودای خۆی هەڵخسبێ
بۆ لاساندن ،
یا وەك ژێی گیتارێکی بەندکراوبێ
کە ئەرمەئاوازەیەکی لێ‌دابرژێ ؟
ئەو چەکچەکیلانەن کە سەرو‌سیمایان لە منال ئەکات‌و
لە بای بنەوشەیی‌دا ، فیکاندیان‌و لە شەققەی بالیان‌داو

بەرەو دیوارێکی رەش ، سەریان دانواند .
لە بۆشاییدا چەند بورجوبارۆیەکی نغرۆ بوو ، هەیە
زەنگەکانی لە دەردەنگی بیرەوەری ئەدەنەوە ،
کانەکە چاونیشان کراوە ،
چەند دەنگی لە ژێرزەمینە بۆش و لەکاریزە چڵکردوەکان
هەڵئەگوێزرێ ،
لە بەردە پوکاوەی چیاکان
لە بەر تیرێژی هەیڤا ، گژوگیاکان
لە سەر گۆرە وێرانەکان ولەدەوری کەنشتەکانا ،
نوزەنوزیانە ،
لەوێ چەند کەنشتەیەکی بۆش هەیەو تەنیا ( با ) ی تیا ئەژی
کەنشتەکان هیچ دەرو پەنجەرەیەکیان نیە ،
دەرگاکانی لەسەر گازەرەی پشت ئەسورێنەرە ،
ووشکەئێسقانەکان هیچ زیانێ بە کەس ناگەیێنن ،
کە لەشیرێکی سەرداروو تەنیای تیدایەو بانگ ئەدا :
قوقوقوقو .... و و و و و
لە چاو تروکانێکا .. لەپاشا نەرمەبایەك تێی هەڵئەکا
ئینجا بارانی بەدوایا دائەبارێ .
( گەنگا ) لێوڕێژ بووە ،
لێوخەڵفە شۆڕبوەکان ، چاوەنۆری خوسارو بارانن .
گەچی پەڵەهەورێکی رەش ، لە ئاسۆی هەتەردا ،
لە سەر پەڕپەڕۆچکەی ( هیماوەند ) کۆ ئەبێتەوە .
جەنگەڵەکە ، لە ترسان ، ئەپرینگێتەوە
بە پشتی کوم ، بێدەنگیەك دائەگرێ
تا ئەو ساتە هەورە تریشقەکە ئەدوێ :
**داتا :** چیمان بەخشی ؟
هەڤاڵەکەم ، خوێنی فیچقاو بەری دڵی گرتووم
بۆ زاتکردنێکی سامناکی چرکەداری خۆبەدەستەوەدان
کە هیچ چاخێکی هێمن ، ناتوانێ بنەبری بکات ،
هەر لەبەر ئەمو بۆ ئەو پەیدابووین و ژیاین ،
ئەو شتەی کە لە پرسەماندا ، بۆمان ناووسرێت ،
یا لەو چرە بیرەوەریانەدا ، کە تەونی داپیرۆچکەی چاوتێر ئەیچنێ ،
یا لە ژێر مۆری وەسیەتنامەمان ، کە پارێزەرە بێ نمودەکە ،
لە ژوورە چۆڵەکەماندا ، ونجرونجری ئەکا .

**دا**

**داياد هەڤام :** گوێم لێبوو ،کلیلەکە لە کلۆمی دەرگاکە تەنیا یەك جارە بەس

سوڕاو کلاّفەی خوارد .

هەریەك لە ئێمە ، لە نێو بەندیخانەی خۆی ، بیر لە کلیل ئەکاتەوە ،

بیر لە کلیل ئەکاتو دوپاتەی بەندایەتی خۆی ئەکات .

لە گەڵ شەوراشکانا ، بانگاشە ( ئەثیر ) یەکان بۆ چەند ساتێ

رازونیازی نێوەند دڵی دارماوی ( کریۆلانۆس ) ئەوژێنێتەوە .

**دا**

**دامیاتا :** زاڵ بەو چوست ، قایغەکە بە دڵگوشادییەوە . گوێ رابەڵە ،

ئەو زەریاوانەی کە شارەزای نهێنی پەردەو سەوڵەکانە ،

کە زەریایەکی کپو خامۆشی دۆزیەوە .

ئە ئاوایش ، بەدڵ ئەتوانی ، گوێرابیەڵی ، بۆ دەستە جلەوگیرەکان .

لەسەر رۆخی روبارەکە ، بۆ ماسیگرتن دانیشتم ،

دەشتە کاکی بەکاکی یەکە ، لە دوامەوەیە ،

بەلایەنی کەمەوە . ئایا زەویو زارەکانم یەك لا نەکەم ؟

پردی لەندەن ، هەرەس ئەهێنێ ، هەرەس ئەهێنێ ، هەرەس ئەهێنێ .

ئینجا لە نێو ئاورینگی ئاگرە پاکەکەدا ، شوێنەوون ئەبێ .

کەی من وەك چۆلەکەم لێ دێ ــ ئەی چۆلەکەکە .

میر ( ئەکیتین ) ی قەڵا روخاو ،

بەدانە پیرۆزەییەکانی کەڵاوەکانی ئەپارێزێ .

کەواتە منو تۆ یەك شتین

ئا ئەوەتا ، دوبارە ( هیرۆنیمۆ ) شێتگیر بوەوە .

**داتا . داياد هەڤام . دامیاتا**

**شانتی شانتی شانتی**

چەندسەرنجێ لە بارەی « وێرانە خاک »ەوە

# ١ ـ ناشتنی مردوان

١ ـ ناونیشانەکە لە جۆری ناشتنی مردوانی کەنیسەکانی ئینگلتەرا ، وەرگیراوە . لەمەیاندا ، ئیلیۆت سودێکی زۆری لە یادداشتی ( کۆنتیسا ماری لاریش ـ ١٩١٣ ـ وەرگرتوە .

٢ ـ عیبارەتی ( ئەی ئادەمزاد ..! ) لە داستانی حزقایلی وەرگرتوە .

٣ ـ عیبارەتی ( بت پژینەکان )ی لە هەمان داستانەوە وەرگرتوە .

٤ ـ ( مشتە خۆڵ ) ئەم عیبارەتەی لە ( تێرامان )ی ـ جون‌دین ـ وەرگرتوە .

٥ ـ (کچەئیرلەندی ...) ئەم بەیتانەی لە (تریستان و ئیزوالد)ی ـ ڤاگنەری ـ ئەلەمانی وەرگرتوە .

٦ ـ ( یاسنت ) : جۆرە گوڵە زەمبەقەیەکەو نیشانەی ژیانەوەی خواوەندی زاووزێیە .

٧ ـ ( مەدام سوزوستریس ) : ئەم ناوەی لە ڕۆمانی ( دارمێوەکانی بەلو )ی ـ دۆس هکسلی ـ وەرگرتوە .

٨ ـ پەپازی ( تاروت )ی حەفتاو هەشت کاغەزی .. ڕەمزەکانی بۆ نەخش و نیگاری فیرعەونی ئەگەڕێتەوە .

٩ ـ (بازرگانی فینیقی) وەك خوای زاووزێیە .. هەر ساڵە جارێ پەیکەرەکەی فڕێ ئەدرایە دەریا ، تا نوقڵانەی مردنی هاوینی بۆ لێ بدرێ .

١٠ ـ (سەیرکە ...) ئەم بەیتەی لە (گەرداو)ەکەی شەکسپیر وەرگرتوە .

١١ ـ بیلا دونا : ووشەیەکی ئیتالییە ، بەمانای خانمی جوانکیلە دێت ، هەروا ناویشە بۆ جۆرە گوڵێکی ناودار .. ناوێکیشە بۆ ئەو سێ ( چارەنووس )ەی کە لە داستانەکانە کلاسیکیەکاندا باسی لێ کراوە .

١٢ ـ خانمی بەردەکان : نیشانەیە کە بو (جۆکەندا) ی دافنشی .
١٣ ـ ( پیاوە سێ گۆچان دارەکە ) : جۆرێکە لە پەپازی تاروت .
١٤ ـ ( مرۆڤی خنکاو) : روخسارێکە لە تاروتو نیشانەیەکە بۆ خوایەکی کوژراو ، تا لە تەڕوبڕی زەوی‌و گەل ، دوبارە سەر هاڵدانەوەو زیندوو بێتەوە .
١٥ ـ ( ئەی شارە جەنجاڵەکە . . ) ئیشارەتێکە بۆ ( حەوت‌پیر ) ەکەی ـ بۆدلیر ـ ی شاعیر .
١٦ ـ ( پردی لەندەن ) : پردێکە لە سەر تایمزو کانگای ئابوری ئەم شارەیە .
١٧ ـ ( عەشامەتێکی زۆر لە خەڵك . . ) لە ( دۆزەخ )ی دانتی وەرگیراوە .
١٨ ـ شاقامی ویلیەم کینگ : شەقامێکی ناوداری لەندەنە .
١٩ ـ کۆنتیسا ماری وبلنۆت : ناوی کلیسایەکی شەقامەکەیە .
٢٠ ـ ( سەعات نۆ ) : نیشانەیە بۆ ئینجیلی ( لۆقا ) و بۆ ئەو ( سەعات نۆ ) یەی کە مەسیحی تێدا لە خاچ درا .
٢١ ـ دابو دەستوری زاووزێ وا باوبوو ، کە پەیکەری خواوەندەکان لە نێو کیلگەکان‌دا بشارنەوە .
٢٢ ـ ( سەگەکە . . ) ئیشارەتە بۆ ئایەتێکی تەوراتو لە ( شەیتانی سپی) جۆن ویبستەرەوە ، وەرگیراوە .
٢٣ ـ (ئەی خوێنەری . . .) ئەم بەیتەی لە (گوڵی‌بەد)ی بۆدلێرەوە وەرگرتوە .

## ٢ ـ یاری شەترەنج

٢٤ ـ ئەم نازناوەی لە شانۆ گەریەکەی ( تۆماس میلتۆن ١٥٨٠ ـ ١٦٢٧) وەرگرتوە .
٢٥ ـ (قایفەکە . . ) ئیشارەتە بۆ ( کلیۆپاترا )ی شەکسپیر .
٢٦ ـ ( ئەمشەو . . . ) عیبارەتێکی هاملیتی شەکسپیرە
٢٧ ـ ( دیمەنی لەوەڕگا ) نیشانەیە بۆ « بەهەشتی وون‌بوو »ی میلتۆن .
٢٨ ـ ( فیلومیلا ) : لە لایەن مێردی خوشکیەوە ، شانیربۆی سەراسی

زەوتکرا .. ئیشارەتە بۆ ( وەرچەرخان )ی ئۆڤید .

٢٩ ـ ( ئم ئا ئا ئا م م ئاە ئ ئ ئە ئم م ) گوتەیەکی تایبەتی میللی‌یە ، لـە کاتی عەمەلیەی گان کردن‌و سێکساندن‌دا .

٣٠ ـ (بای دامرکاو .. ) نیشانەیەکەبۆ ( مەسەلە قانونی‌یەکەی شەبتان )ی جۆن ویبستەر .

٣١ ـ زەماوەندی شەکسپیری : جۆرێکە لە مۆسیقای جاز .

٣٢ ـ (ژنان ژنان بێدار ئەکەنەوە)ی میلتۆن .. « جولانەوەی شەترەنج .. »

٣٣ ـ ئەمەیان ( ئەم‌هەرایە ... ) دواووشەی ئۆلیڤیای ( هاملێت )ی شەکسپیرە ..

# ٣ ـ پەندی ئاگرەکە

٣٤ ـ ئەمەیان نازناوێکە کە ( بوزا ) لەپەندێکیا ، دژی ئاگـری سێکس‌و قرچۆکی‌و رژدی داویەتی .

٣٥ ـ (سرودەکەم ...) ئەم بەیتەی لە قەسیدەی ( زەماوەنـــد )ی (ئەدمۆند سپنسەر ـ ١٥٥٢ ـ ١٥٩٩ )ی وەرگرتوە .

٣٦ ـ ئاوی ( لیمان ) : نیشانەیەکە بۆ ئاگری شەهوەت .. ووشـــەی ( لیمان ) یانی سۆزانی یا سوێتەری .. هەروا ( لیمان ) ئـــەو دورگەیەیە لەجنێڤ کەلەنزیکیا ئەم وێرانەخاکەی دەس‌پی‌کردوە .

٣٧ ـ (کەچی من لە پشتەوە ، گوێم لەدەنگی گالیسکەی کاتی بالدار ئەبوو) نیشانەیەکە بۆ « دۆستی نازدار »ی ئەندرۆمارڤیل .

٣٨ ـ ( فردیناند بیر لەباوکی ئەکاتەوە ) ئیشارەتە بۆ ( گەرداوەکە )ی شەکسپیر .

٣٩ ـ (ئاکیتۆن بۆ دیانا) ئیشارەتە بۆ ( پـــــەرلەمانی میروولە )ی جۆن‌وای .

٤٠ ـ (بەناسکی ...) ئەم بەیتانە لە گۆرانی‌یەگی میللی‌نەمسایی وەرگیراوە، کە لەکاتی جەنگا ئەیانگوت .

٤١ ـ (لەنێوان ...) ئەم بەیتە لەقەسیدەی « پارسیفال »ی شاعیری فەرەنسایی (ڤێرلین)ەوە ، وەرگیراوە .

٤٢ ــ ئوتێلی كانێ ستریت : شوێنی سەرمایەدارو قوتـــەراتچیانی لەندەنە .
٤٣ ــ ( میترۆپۆل ) : ئوتێلێكە لەبرایتۆن .
٤٤ ــ پشووی ( ویك ئێند ) مانەیەكی جنسی هەیە .
٤٥ ــ ( ئەی ئەستێرەی ئێوارە ) ئیشارەتە بۆ ( دانەمرواری) كچەشاعیری یۆنانی (سافو ــ حەوتی پێ ــ ز ) .
٤٦ ــ ( برادفۆرد ) : شارێكی پیشەسازی‌یە لە ئینگلتەرا .
٤٧ ــ ئیشارەتە بۆ ( ئیزدیواجیەتی ) سێكسی تیریسیاس وبۆ مەسەلەی تیریسیاس لە ( شائۆدیب )ی سۆفوكلیسی یۆنانی .
٤٨ ــ ئیشارەتە بۆ ( هۆمیر ) لەمەسەی تیریسیاس لەهادیس (گۆڕستان).
٤٩ ــ لێرەدا شاعیر ئیشارەت بۆ گۆرانی ئولیفیا لە ( خۆری‌ویكفیلد )ی ئۆلیفەری (گۆلدسمیس ــ ١٧٣٠ ــ ١٧٧٤) .
٥٠ ــ ( ستراند ) : شەقامێكە لەلەندەن .
٥١ ــ ( ماگنۆس‌مارتێر ) : كلێسایەكە لەلەندەن كە ( كریستۆفەر رین نەخشەی كێشاوە .
٥٢ ــ (رۆخی گرینتش) : كەناری باشوری تایمزە ، لای گرینتشـەوە .
٥٥ ــ ( دورگەكان .. ) : رۆخی بەردەمی گرینتشە .
٥٣ ــ (كچانی تایمز ئەدوێن .. ) ئیشارەتە بۆ ئۆپیرای ( گـــزبدەی‌ـ خواوەند)ەكانی ڤاگنەری ئەڵەمانی .
٥٥ ــ ( هایبودی ) : گوندێكە نزیك لەندەن .
٥٦ ــ ( ریشمۆندوكیو ) : دوو ناوچەن نزیك لەندەن .
٥٧ ــ ( مۆرگیت ) : ناوچەیەكە ، كەوتۆتە رۆژهەڵاتی لەندەنەوە .
٥٨ ــ ( كەناری مارگیت ) : لێرەدا ئیلۆت بەشێكی كـەی وێرانەخاكی دەس‌پێ‌كردوە .
٥٩ ــ ( گەرامەوە بۆ قەرتاجە ) ئیشارەتە بۆ ( دان‌پیانانەكە ) ی قەشـــە ئۆگستین .
٦٠ ــ ( لەرەگەو ریشەوە دامشەتەكێنی .. ) هەمدیسان ئیشارەتە بۆ ئۆگستین .

## ٤ ـ لــــه ئاوا خنكــان

٦١ ـ ئەم نازناوە ، ئیشارەتە بۆ ئەو داستانەی کە ئەڵێ : ( لـــــــە ئەسكەندرییەدا ، سەرەپەیكەرەكانیان ئەخستە نێو دەریاوە ، وەك رەمزێ بۆ مەرگی سروشتو تواناكانی .

٦٢ ـ (قازانج . . .) ئەم دووبەیتە ، بەندە بەگۆرانی دەریای (گەرداوەكە)ی شەكسپیر .

٦٣ ـ (جوولەكە . . .) واتا گشت مرۆڤایەتی : (گەلانی بر . .)

## ٥ ـ هەورەتریشقەكە گوتی :

٦٤ ـ ئیشارەتە بۆ داستانی (هەورەتریشقە)ی ئۆپانیشادی هیندستانی .

٦٥ ـ ( كلێساكە . . ) ئیشارەتە بە گەیشتنی یاران بۆ كلێسا سامناكەكەی ـ ئامواس ـ لە رۆژی لە دایكبوونی مەسیحا .

٦٦ ـ ( چـــــــەكچەكیلەكان . . ) پوختەی ئەمەی لە بابەتی تابلۆیەكی قوتابخانەی (هیرۆنیمۆس بۆش)ی هونەرمەنـــدی هۆلەنـــدایی وەرگرتوە .

٦٧ ـ ( زەنگەكانی لەندەن . . . ) زەنگێ هەبوە لە كلێساكە ، ئیشارەتی لە چاپوك سواری ، سوارەكان كردوە .

٦٨ ـ بەپێی وتەی (تەورات) ئاوبەرو حەوزە وشكەكان ، مانای ووشك بوونی بیروراو پەرستنی خوا ساختەكان ئەگرێتەوە .

٦٩ ـ ( كەلەشێر . . ) : بانگەوازێكە بۆ نیسو جنۆكەكان تا بگەرێنەوە لانەی خۆیان ، چونكەشەو رابورد .

٧٠ ــ ( هماوەند ) : شاخێکی پیرۆزە لە زنجیرەی هیمەلایای هیندستان .

٧١ ــ ( داتا ) : واتە « بیەخشە » وشەیەکی هیندۆ سانسکریتی‌یە .

٧٢ ــ (دایا هەڤام) : واتە (دڵنەوازی یەکتری بکەن) وشەیەکی هیندۆسانسکریتی‌یە .

٧٣ ــ ( دامیاتا ) : واتە « بەرگەبگرن » وشەیەکی هیندۆسانسکریتی‌یە .

٧٤ ــ ( دا ) : دەنگی بەرزبونەوەی پەی‌دەرپەیی هەورەتریشقەیە . وشەیەکی هیندۆسانسکریتی‌یە .

٧٥ ــ ( بیرکلیل ئەکاتەوە ) : ئیشارەتە بۆ وشەیەکی ( ئاگۆلینۆ دلاگێر ئەردیسکا ) کە خانەدانێکی ئیتالی بوە ، لە چەرخی سیانزەهەم ، کە لەگەڵ هەردوو کوڕو کوڕەزاکەی بەندکراوەو لەبەندیخانەدا مردون .

٧٦ ــ کوریۆلانۆس : پاڵەوانی شانۆگەریەکی شەکسپیرە .

٧٧ ــ ئیشارەتە بۆ سەرکەوتنی دانتی لە ( دۆزەخ )ەکەی‌دا ، بۆ سەرچیای ( بەهەشت ) .

٧٨ ــ ( چۆلەکەکە . . ) ئیشارەتە بۆ پرسیارێکی شاعیر ، لە گەڕانەوەی بەهار ، تا گۆرانیەکی خۆی بۆ بەهار ، وەك چۆلەکە پێشکەش‌بکات .

٧٩ ــ شاعیر لێرەدا ، هەمدیسان ئیشارەت بۆ قەسیدەی ( میرانگر ) ی (ژیرار دونیرڤال ــ ١٨٠٨ ــ ١٨٥٥) ئەداو هەم خۆی بە میرانگری کلاسیزمی شاعیرانی ترۆبادۆری سەر بەقەڵای ( ئەکیتین ) ی باشوری فەرەنسا ئەزانێ .

٨٠ ــ ( هیرۆنیمۆ ) : ئیشارەتە بۆ ڕۆمانی ( کارەساتی ئیسپانی ) ی ( تۆماس کید ــ ١٥٥٧ ــ ١٥٩٥ ) .

٨١ ــ ( شانتێ ) : وشەیەکی سانسکریتی‌یە ، بەواتای ( ئاشتی‌یەکی لە ئەندازەبەدەری تێگەیشتن ) کە خۆی لە خۆی‌دا ، کۆتایی‌یەکی شکلی ئۆپانیشادی کۆنی هیندۆسی‌یە .

## سەرچاوەکان


١ ـ النقد الانجليزى الحديث ـ ماهر شفيق فريد ـ ١٩٧٠ .

٢ ـ مجله شعر ـ عدد ـ ٤٠ ـ ١٩٦٨ ـ الدكتور لويس عوض .

٣ ـ الاداب الاجنبيه ـ عدد ـ ٤ ـ ١٩٧٥ ـ يوسف اليوسف .

٤ ـ اليوت الناقد فى مرآه النقد البرجوازى ـ روشنبیری نوێ ـ عدد ـ٢٤ـ١٩٧٤ ـ جودت هوشيار



هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

(شیعر . ژانگرتنەو لێپرسینەوەو بیرکردن)

ژمارەی سپاردنی « رۆشنبیری نوێ » بەکتێبخانەی نیشتمانی لە بەغدا ( ١١٢ )یە ، لە چاپخانەی ــ زەمان ــ چاپکراوە

( وێرانەخاك ) ڕەمزی ئەو جیهانەو زەوی‌یە شۆڕەکاتەیە ، کە ئیلیۆت لەدوای برانەوەی جەنگو شەڕوشۆڕ ، هەستی‌پێ‌کردوە .. وێرانەیی .. وێرانەیی گیانو تاسەو سۆزی مرۆڤی ڕۆژاوا، شارستانیەتی ڕۆژاواو چۆنێتی ڕزگارکردنی جیهانی وێرانو کەلاوەو مرۆڤو شارستانیەتەکە ، ـ نەك وەك پێداویستی‌یەکو بەس ، بەلکو وەکو ( ڕاستی ) یەك ـ و گەڕاندنەوەی جموجۆلو هەلچونو زیندەگی ڕاستەقینە ، بۆ گیانو جومگەو دلو سۆزو ژیری مرۆڤ ....